# هەڵسەنگاندنێک لەسەر کۆنگرەی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان.

**مێهناز ڕۆستە    می کرماشانی   .  سوید**



ئەوەی کە ۆزر جێگای سەرسورمانم بوو یا بۆم چاوەڕێ نەکراوبوو کە لەم ماوە کورتەدا ئەم پارتە چۆن توانیوێتی وەک حیزبێکی سیاسی لە گۆڕەپانی خەباتدا خۆی بگەیەنێتە ئەو ئاستەوە کە ئەو هەموو حیزبە کوردستانیانە بە خۆشحاڵییەوە لە کۆنگرەی یەکەمیاندا بەشداری بکەن، یا پەیام وبروسکەش بنێرن

دیارە کە هەر حیزب و لایەنێکی سیاسی کە کۆنگرەکەیان دەگرن هەم ئەندامانی خۆیان و هەم خەڵکی دیکەش چاوەڕێی ئاکامی کۆتایی کۆنگرەکە دەکەن، منیش وەک کەسێکی نزیک لە پارتی سەربەستیی کوردستان بە تەواوی حەفتە چاوەڕوانی ئاکامی کۆتایی کۆنگرەی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان بووم، کاتێک کە ئاکامی کۆتایی کۆنگرە بڵاوکرایەوە، بەڕاستی ناوی ئەو هەموو پارت و لایەنە کوردستانی وجیهانییەم بینی هەر زۆر سەرم سوڕما لەوەی کە پارتێک بە تەمەنێکی زۆر کەمەوە چۆن توانیوێتی بگاتە ئەم ئاستەوە، دەمەوێ بەم نووسینە کورتە هەڵسەنگاندنی خۆم لەسەر ئەم پارتەو کۆنگرەکەی یەکەمی بخەمە بەر دەستی خۆێنەران.

ماوەیەکی کەم و هێزێکی باشی نەتەوەیی.
پارتی سەربەستیی کوردستان تەمەنی نەگەیشتووەتە ٤ساڵەوە، بەڵام بە هۆی جدی کارکردنیان و بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەیان لە نێو خەڵکدا توانیویانە لەم ماوە کەمەدا هێزێکی باشی پوختە لە دەوری بەرنامەو پرۆگرامەکەیان کۆکەنەوە کە بەشی زۆری ئەو هاوبیرانە لە کیژان و کوڕانی لاون، کە هەموو بە خۆێن گەرمی وبەمەبەستی پیرۆزکردنی بیری نەتەوەیی لە دەوری بەرنامەو پرۆگرام و تێکۆشانی پارتی سەربەستیی کوردستان کۆبوونەتەوە.

کۆنگرەی یەکەم و بەشداری پارت و خەڵکانی زۆر.
ئەوەی کە ۆزر جێگای سەرسورمانم بوو یا بۆم چاوەڕێ نەکراوبوو کە لەم ماوە کورتەدا ئەم پارتە چۆن توانیوێتی وەک حیزبێکی سیاسی لە گۆڕەپانی خەباتدا خۆی بگەیەنێتە ئەو ئاستەوە کە ئەو هەموو حیزبە کوردستانیانە بە خۆشحاڵییەوە لە کۆنگرەی یەکەمیاندا بەشداری بکەن، یا پەیام وبروسکەش بنێرن. بێجگە لە لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیش دیتمان کە چەندین پارتی جیهانی تێیدا بەشدار بوون.

بەشداری لایەنی بیانییەکان:
بە لایەکی دیکەشەوە بەشداری لایەنە بیانییەکانی بە حزوری و بە ناردنی پەیام وبروسکە، وەک حیزبی دیمۆکراتی ئەمریکا و سەرۆکی ئاڵیاسنی دیمۆکراتی هەنگاریا و دەیان حیزبی دیکەی ئوروپایی وەک سەرۆکی ئاڵیانسی سوری نۆروژی، جێگری سەرۆکی پارتی لیبرالی نۆرویژی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سوسیالچەپی نۆرویژی و ڕاوێژکاری پارتی ڕاستی نۆرویژی، و هەروەها حیزب ولایەنەکانی گەلانی بندەستی ئێران وەک بەلوچ، عەرەب، تورکمەن. ئەمانە بە گشتی زۆر جێگای سەرنجی من و زۆربەی چاودێرانی ئەم کۆنگرەیە بوو. من پێم وایە ئەم پارتە بەم پێوەندییانەی دەتوانێ داهاتوویەکی گەشی بۆ پێشکەوتنی سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت.

بەشداری سەدان کەسایەتی. هەروەها بەشداری و ناردنی پەیام وبروسکەی سەدان کەسایەتی ناوداری کوردستانی لە بوارە جیاوازەکاندا وەک سیاسی، نووسەر، وەرزشکار، هونەری، خۆێندکار، هتد،کە ناوەکانیان لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا هاتووە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم پارتە چەندە توانیوێتی خۆی بگەیەنێتە نێو کوردستانیان وببێتە جێگای باوەڕیان.
ژنان و سەرکردایەتی: وەک کچە کوردێک کە یەکەم بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکەم بینی و دیتم ناوی تەنیا ژنێک لە ڕیزی سەرکردایەتی ئەم پارتەدایە، خۆم ئامادەکردبوو بۆ ڕەخنەگرتن لە سەرکردایەتی تازە، بەڵام ئەمڕۆ لە ڕاگەیاندنی ئاکامی یەکەم کۆبوونەوەی گشتی ئەندامانی سەرکردایەتی هەیکەڵی سەرکردایەتی وجێگران و ڕاوێژکار انم بینی، بە ئەندامی سەرکردایەتی و جێگر و ڕاوێژکارەوە کەدەبنە ١٦ کەس دیتم بەخۆشییەوە ٥ دانەیان ژنن.
بەڕاستی بەمەش لە خۆشیانە فرمێسکی شادی بە چاوانما هات، دیارە کە زۆر پێشنیارکراوە ژنانی دیکە خۆیان کاندید بکەن بۆ ئەندامی سەرکردایەتی و جێگری سەرۆکی گشتیش، بەڵام کەمکاری زیاتر لە کیژان و ژنانی ئەندام بووە لەپسک کە بۆ خۆیان نەیانویستووە لەو پۆستانەدا کاندید بن، دەنا مەجاڵی زیاتر بۆ ژنان ئامادە کرابوو.
هەروەک دەبینین کە لە مادەی ١٥ بەرنامەو پرۆگرامی ئەم پارتەدا بۆ جارێکی دیکە ئاسانکارییان بۆ بە شداری ژنان لە ئاستی سەرکردایەتی کردوە، کە نووسراوە ژنانی ئەندامی پارتی سەربەستی دەتوانن چەند ڕۆژ پێش کۆنگرە کاندیداکانی خۆیان بۆ ئەندامی سەرکردایەتی دیاری بکەن و بۆخۆیان دەنگی متمانەیان پێبدەن، ئیتر ئەو ژنانە پیویست ناکات لە کۆنگرە بخرێنە دەنگدانەوە، ئەوانە ڕاستەوخۆ ئەندامی سەرکردایەتی دەبن.
بەڕاستی ئەم شێوە نۆێکارییە و ئاسانکارییە بۆ بەشداری ژنان لە هیچ کام لە لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کوردستان وێنەی نییە، کە بە شێوەیەکی سەردەمییانە و زانستییانە بەرەنگارییە لەگەڵ سیستەمی پیاوسالاری، ئەمەش شایانی ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنە.

نەزمی کۆنگرە : نەزم وپرییینسیپەکانی کۆنگرە وەک پێشوازی گەرم لە میوانان ونۆێنەرانی لایەنەکان، ناوهێنانیان لە ڕێگەی پرۆژێکتر بۆ سەر شاشەی هۆڵی کۆنگرە، پەزیرایی لە ڕێگەی ئێوارە خوانیکەوە بۆ بەشداربووانی کۆنگرە، ئەمانە بەشێک لە نەزم و پرینسیپەکانی کۆنگرە بوون کە بە خۆشحاڵییەوە بۆ میوانان دەبینراو باسی لێوە دەگرێت.

کرماشانی و ئیلامی. پارتی سەربەستیی کوردستان کە وەک پارتی گشت ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە، لە هەمانکاتدا وەک پارتێکی تایبەت کە گرنگی زۆر بە ناوچە لە یادکراوەکانی کرماشان و ئیلامدا ناسراوە، کە بە خۆشییەوە لەو بوارەشدا زۆر هەوڵیداوە و توانیوێتی بەشێکی زۆری کوردەکانی ئەو ناوچانە بۆ ناو پارتی سەربەستیی کوردستان ڕاکێشێت و هەمیشەش گرنگی بە ڕووداوەکان و کێشەکانی ئەو ناوچانە داوە.

کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان. بابەتێکی دیکە کە زۆر جێگای خۆشحاڵییە ئەوەیە کە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ناو پارتی سەربەستیی کوردستاندا پێشوازی گەرمیان لێدەکردێت، هەر ئیستا دەبینین هەم لە پۆستی ئەندامانی سەرکردایەتی وهەم لە جێگرو راوێژکارانی ئەم پارتە کوردی بەشەکانی دیکەی تێدایە. پارتی سەربەستی بەم مادەیەی خوارەوە کە لە بەرنامەو پرۆگرامیاندا هاتووە کوردستانی بوونی خۆی پیناسە دەکات،
"پارتی سەربەستیی کوردستان" نیشتمانی کورد بە هەموو پارچەکانیەوە بە یەک وڵات و نەتەوەی کوردیش بە یەک نەتەوە دەناسێ، ئەو سنوورانەش کە خراونەتە نێوان بەشەکانی کوردستان و بە ڕواڵەت لەتیان کردووە، بە دەستکردی داگیرکەر وسنووری زۆرەملییان دادەنێ و بە ڕەسمییەتیان ناناسێت، بەڵام لەم هەلومەرجە ناسکەدا، پارتی سەربەستیی کوردستان بەپێێ چەندین هەڵسەنگاندنی ڕامیاری(سیاسی) وستراتیژیکی ڕۆژ لە ناوچەکەدا، خەبات وتێکۆشانی ئێستای تەرخان دەکات بۆ بەشی داگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە کوردستانی بندەستی ڕێژیمی ئێران.

ئاینەکانی کوردستان و بەتایبەت ئاینی یارسان و زەدەشت .
یەکێکی دیکە لە ڕاستییە بەرچاوەکانی کۆمەڵگای کوردستان کە زۆر جار پشتگۆێ خراوە،ئەو پشتگۆ خستنەش وایکردوە کە ناکۆکی ودووری گەلەکەمان لە یەکتر دروست بکات، مەسەلەی لە یادکردنی کەمە ئاینی و کەمە زاراوەییەکان بووە. بە خۆشییەوە پارتی سەربەستیی کوردستان، هەر چەند پارتێکی لیبراڵدیمۆکرات و سیکولارە، بەڵام لە بەرنامەو پرۆگرامی خۆی ئاماژەی بە پاراستنی مافی کەمە ئاینییەکان دەکات لە کوردستاندا، وەک نموونە باسی ئاینی یاری و زەردەشتی دەکات کە بە دووەمین ئاینی لە کوردستان دەزانێ کە لە پاش ئاینی ئیسلام پەیڕەوانیان زیاتر هەیە.

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لە خۆم و گشت ئەندامان و هاوبیرانی پسک و گشت گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم.

سەرچاوەکان، ئاکامێ کۆتایی کۆنگرەی یەکەم، بڕیارەکانی کۆتایی کۆنگرەی یەکەم، ڕەشنووسی بەرنامەو پرۆگرامی پارتی سەربەستیی کوردستان، چەند بابەتی دیکەی پێوەندیدار بە کۆنگرەی یەکەمی پسک .

سوپاس بۆ خۆشکە م ع دەکەم لە پێداچوونەوەی نووسینەکەم وداڕشتنی هاوکاری کردوم.
٤ی سەرماوەزی ۲۷۰۹ ی کوردی .

**مێهناز ڕۆستەمی کرماشانی . سوید**